# شەونم

## هۆنراوەی (31)

بتی دارم کە گرد گل ز سنبل سایبان دارد

هەسم یارێ لە دەورەی گوڵ لە سونبول سایەوانی هەس
بەهاری روومەتی شوێنێ لە خوێنی ئەرخەوانی هەس
لە دەوری روومەتی وەک رۆژی روونی نیشتووە گەردێ
خودایە ژینی هەرمانی دەیەی جوانی جیهانی هەس
لە چاوی گیان چلۆن دەرکەم کە هەر سووچێکی دەی بینم
کەمینی گرتووە وتیری لە سەر سێرەی کەوانی هەس
وەرە ولەو زاڵمەی توخوا حەقم بستێنە دارۆخە
لە گەڵ خەڵکی مەی ئەخوات ولە تەک من سەرگرانی هەس
کە عاشق بووم وتم وا هاتە دەستم گەوهەری مەخسوود
ئیتر نەمزانی ئەم بەحرە شەپۆلی بێ ئەمانی هەس
لە خەوفی هیجری خۆتم دڵنیاکە گەر هەتە هیوا
لە چاوی بەد ئەمینت کا خودایێکی ئەمانی هەس
لە دینی سەروی باڵاکەت دڵم ، چاوم نەکەی بێ بەش
لە سەرئەوچاوە بی نێژە کە ئاوێکی رەوانی هەس
لە پاشتەرکم ئەگەر هەڵبەستی توخوا زووکە راوم کە
گرێ و گۆڵی هەیە رامان و بۆ خوازەر زیانی هەس
بە زووتێپەڕ کەنینێکی فریوی گوڵ مەخۆ بولبول
کە جێی باوەڕ نیە وماوەی ژیانی زوو خەزانی هەس
بە گڵ دا هەڵ بپرژێنە لە مەی جورعێک و گوێ هەڵخە
لە جەمشید و لە کەیخوسرەو سەدان چیرۆکی جوانی هەس
دەمێ بەربا ئەدا زولفی لە توزی خاتری عاشق
بە سروەی بای بەیان ئێژێ نەکەی باسم، زیانی هەس
چ رووداوە کە لەم دەرگایەدا شاکانی عیرفانی
دەبینم یەک بەیەک مەیلی غولامی ئاستانی هەس
چ عوزرێ بێنمەوە بۆ بەختی بەد،ئەو یاری شارشێوێن
بە تاڵی حافزی کوشت و دەمی شەککەروەشانی هەس

**حافزی حەقیقی**